# ALL NATIONS GOSPEL PUBLISHERS



Copyright ANGP

www.angp-hb.co.za

info@angp.co.za

شەیتان لەدوا ساتەکانی ژیاندا هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر مرۆڤی شوێنکەوتووی عیسادا نامێنێت, چونکە مرۆڤی خۆشەویست لەچاوی خودادا دوژمنی مردووە, لەکتێبی پیرۆزدا نووسراوە(( گوێم لە دەنگێك بوو لەئاسمانەوە هاواری دەکرد بۆم و دەیگوت خۆزگە دەخوازرێ بەو مرۆڤانەی کە لە خودادا دەمرن چونکە لە کارەکانیان پشوو دەدەن و کردەوەکانیشیان دوایان دەکەوێت )) (( بینین ١٤ : ١٨ )).

کەواتە ئەی خوێنەری خۆشەویست: خودات بەلاوە مەبەست بێت و خۆت بدەرە دەست عیسا, چونکە خودا دەڵێت ئەی کوری خۆم دڵتم بدەرێ و چاوەکانیشت بخەرە سەر رێگاکانم, بەم شێوەیە دڵێك و رۆحێکی پاکت دەبێت, با فێڵی دڵت بەلا رێتدا نەبات, چونکە دڵ فێڵبازە, تاوانەکان بەراورد بکە بەچاکە, چونکە کرێی تاوان مردنە, بەلام بەهرەی خودا ژیانی تاهەتاییە لەرێگای عیساوە(( رۆما ٦ : ٢٣ )) . ئێستاش ئەی ئەو کەسەی کە ژیانی خۆتت داوەتە دەست خودا خۆڕاگربە تا کەس تاجی سەرت نەرفێنێت, باوەرت بە عیسای مەزن هەبێ و بڵێ(( من ئەزانم باوەرم بەکێ کردووە و دڵنیام ئەو دەتوانێ بمپارێزێ تا رۆژی ماڵئاوایی کردنم لەژیان, خۆت لەسەر بناغەی باوەری پیرۆز بونیاد بنێ, نوێژ بکە لەرۆحی پیرۆزدا خۆت بپارێزە بەخۆشەویستی خوداو بروانە پێشەوای باوەرت عیسای مەزن, چاوکراوەو بەئاگابە چونکە رۆژی هاتنەوەی نزیك بۆتەوە, ئەو دەتوانێ بتپارێزێ لە کەوتن, هەروەها لەبەردەم شکۆمەندیەکەی راتان بگرێ, بەخۆشی و بەبێ کەم و کورێ ) یەهوزا(( ١ : ٢٤ - ٢٥ )).

گەر ئێستا وا دڵمان شادومانکەی ...

ئاخۆ لە ئاسمان چەند هێندەمان پێبدەی ...

Copyright ANGP

ژیانی تاهەتایی بەدەست دێنێ, لەرۆژی دوایدا حوکم نادرێ بەسەریدا چونکە ئەو لە مردنەوە پەڕیوەتەوە بۆ ژیان)) (( یوحنا ١١: ٢٥- ٢٦)).

مردن ناتوانێت ترس و تۆقاندن بخاتە دڵی مرۆڤی شوێنکەوتووی عیساوە, چونکە ئەم مرۆڤە لەسەرکەوتنی بەردەوامدا دەبێ ((کاتێ فەوتاو نەفاوتاوی دەپۆشێ و مردن نەمری دەپۆشێ ئەوسا ئەوەی لەکتێبی پیرۆزدا نوسراوە دێتەدی, سەرکەوتن مردنی قوتدا, ئیتر ئەی مردن کوا سەرکەوتنت؟ ئەی گۆر کوا پێوەدانت؟ پێوەدانی مردن گوناهە, هێزی گوناه شەریعەتە, بەلام سوپاس بۆ خودا ئەوەی سەرکەوتنی بە ئێمە بەخشیوە بەهۆی عیسای مەسیحەوە.

ئەم مرۆڤە سەرکەوتووە ئاواتەخوازە مەسیح ببینێت, ئەو کەسەی لە پێناوی ئەم خۆی بەختکرد, خوێنی خۆی ڕشت لە پێناوی, ئەم مرۆڤە پڕە لەباوەڕ بەخۆبوون و دڵنیایی چونکە کتێبی پیرۆز لە زاری عیساوە دەڵێت ((دڵتەنگ مەبن ئێوە باوەڕتان بەخودا هەیە کەواتە باوەڕیش بە من بکەن, ماڵی باوکم ژووری زۆری لێیە, گەر وا نەبوایە ئەوسا پێم دەوتن, من دەڕۆم بۆ ئەوێ تا شوێنتان بۆ ئامادەبکەم, دوای ئەوەی ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادە کردن دەگەڕێمەوە لاتان و لەگەڵ خۆم دەتانبەم, تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە منی لێدەبم))

((یو١٤: ١-١٤))

هەروەها لەکتێبی پیرۆزدا نوسراوە((ئەوەی چاو نەیبینیوە, هەروەها گوێ نەیبیستوە بە مێشکی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە, خودا ئامادەی کردووە بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێ)).

هیچ زمانێك نیە لەسەر زەوی بتوانێت گوزارش لەو شکۆمەندیانە بکات کە خودا بۆ رۆڵەکانی خۆی ئامادەکردووە. لە وێنەکەی ژمارە دەدا گوزارش لەوە کراوە کە چۆن مرۆڤی شوێنکەوتووی عیسا پڕ بە شکۆمەندیەوە دەردەچێتە لای خودا, ماڵی هەتاهەتایی- لەجێگای ئێسکە پەیکەرێکی ترسناك کە گوزارشە بۆ مردن دەبینین فریشتەی خودا چاوەڕوانی هەڵگرتنی ئەم رۆحە پاکەیە بۆلای خودای شکۆدار, لێرەدا رۆح سەرجەم کۆتوبەندەکانی جەستە تێك دەشکێنێت و دەفرێت بۆ ئاسمان, بۆلای ئەوەی خۆشی ویست رزگاری کرد لەئازاری دۆزەخ, خوداوەندیش پێشوازی لێدەکات و دەڵێت((باشتکرد ئەی کۆیلەی چاك و دەست پاك, دەست پاك بوویت لەکەمدا زۆرت پێ دەسپێرم, وەرە ژوورەوە بۆ خۆشی گەورەکەت)).

Copyright ANGP

## وێنەی دەیەم

خۆزگە دەخوازرێ بەو مردووانەی
لە ئێستاوە لەبەر خودا
ماندوو دەبن ,چونکە کردەوەکانیان
شوێن پێیان دەکەوێ ( بینین ١٤ : ١٣ )



ئەگر لەگەڵ عیسا بم ئەوا
زۆرچاکترە

## دەرچونە پڕ لە شکۆمەندییەکە

عیسای مەسیح دەڵێت( من زیندوبوونەوەو ژیانم ,هەرکەسێ باوەرم پێ بهێنێ ئەگەر مردیش زیندو دەبێتەوە, هەروەها هەرکەسێ زیندوو بێ و باوەڕم پێ بهێنێ گەر مردیش زیندو دەبێتەوە ))( هەرکەسێك گوێ لە ووتەکانم بگرێ و باوەڕی بەوە هەبێت کە منی ناردووە

گرتنـەوە, چـونکە نوێـژکردن و نزاکـردن و وتوێـژکردن لەگـەڵ خـودادا بـۆ بـاوەردار وەك هەناسەدان و هەڵمژینی $O_2$ زیندەوەرانی دیکـە وایـە. هـەروەك چـۆن گـەر هـەوا بـبرین لـە زیندەوەران گیان لەدەست دەدەن, ئاوەهاش گەر مرۆڤی باوەڕدار لـە پەیوەنـدی کـردن لەگـەڵ خوادا خۆی دابـڕێنێت دەمرێت. هەروەها لە وێنەکەدا کتێبێکی کراوە دەبینین ئەمیش ئاماژەیـە بۆ کتێبی پیرۆز, ووشەی خـودای زینـدوو, نهێنیـەکانی ئـەم کتێبـە ئاشـکرایەو دەرگـای ئـەم کتێبە دانەخراوە لەسەر ئەم مرۆڤە, بەحەزو تـامەزرۆوە بەردەوام دەیخوێنینەوە. ئەم کتێبە بۆتە ڕاستەرێکردنی ئەم مرۆڤەو ڕونـاك کـەرەوەی ڕێگـای, بۆتـە ئـامرازێـك بـۆ سـەرکەوتنی ژیانی ڕۆژانەی, ئەم کتێبە نانی ڕۆحی ئەم مرۆڤە بووەو تێری کردووە. ئـاو بـووەو تینـوێتی شکاندووە. ئەم مرۆڤە وەك ئاوێنەیەك لەم کتێبەدا خۆی بینیوەتەوە, نهێنیـەکانی خـۆی بـۆ دەرکەوتووە بەردەوام ئەم مرۆڤە خاچەکەی هەڵگرتووە, ئارەزووەکانی جەستەی لـەخاچ داوە لەگەڵ عیسا, ڕاستی ژیان ژیاوە, دڵی خۆی بەرەو ئـاسمان والاکـردووە بـۆ شـتە نـەبینراوەکان چونکە هەموو بینراوەکان کاتین و لەناودەچن, بەڵام نـەبینراوەکان تـاهـەتاین, ئـەم مرۆڤـە ئامادەباشە بۆ بەخزمەتگەیشتنی خوداوەند, لەسەر بناغەی چاکەی و پاکیـەکـەی نـا بـەڵکو لەسەر بناغەی خوێنی پـاکی عیسـا, ئـەم مرۆڤـە وەك درەختێکـی تەنیشـت ڕوبـار وایـە کـە لەکاتی خۆیدا بەروبووم دەداتو گەڵاکانی وشك نابن.

Copyright ANGP

خۆی پێدەکا ,کتێبی پیرۆز دەڵێت هەموو ئەو کەسانەی لە پێناوی مەسیحدا گاڵتەیا پێ دەکرێ و لێیان دەدرێ و دەچەوسێنرێنەوە و قسەی ناشرینیان پێدەوترێ خۆزگەیان پێدەخوازرێ . ئینجیل بەو کەسانە دڵێت شادمان بن چونکە پاداشتان لای خودا مەزنە.

تاوان و شەیتان و ئارەزووەکانی جەستە پێکەوە بەردەوام دەیانەوێت مرۆڤی باوەڕدار دوربخەنەوە لەخۆشەویستی خودا, بەلام مرۆڤێك کە دڵی خۆی پێشکەش خودا کردبێ دەڵێت: (کێ دەتوانێت جیامکاتەوە لەخۆشەویستی خودا؟تەنگانە؟ نەبونی؟ چەوسانەوە؟ برسێتی؟ دژواری؟شمشێر؟ نەخێر هەرگیز ,چونکە ئێمە رۆحی کۆیلایەتیمان وەرنەگرتووە تا بترسین بەڵکو رۆحی رۆڵەییمان وەرگرتووە کە بەهۆیەوە هاوار دەکەین (بابە!باوکە!) ئەو رۆحە خۆی شایەتی دەدا لەگەڵ رۆحمان کە ئێمە رۆڵەی خوداین جا گەر رۆڵە بین میراتگریشین,بە واتای میراتگری خوداو بەشداری میراتی مەسیح ,گەر ئێستا بەشداری ئەو بکەین لەئازار کێشان بۆمان هەیە بەشداری لە شکۆمەندیەکەشی بکەین.

هەر بۆیە هەتا مرۆڤی باوەڕدار چەکی تەواوی خودایی بپۆشێت دەتوانێت بەرەنگاری دوژمن ببێتەوەو سەرکەوێت بەسەریدا (رۆح سەرکەوێت بەسەر جەستەدا) چونکە بوونی عیسا لەدڵەکاندا بەهێزترە لەشەیتان و سەربازەکانی,کتێبی پیرۆز دەڵێت ((ئێوە جەنگەکەتان بردەوە چونکە ئەوەی لەئێوەدا هەبوو لەوەی ئەم جیهانە بەهێزترە)).گەر لە مەسیحدا بژین ئەوا سەرکەوتوو دەبین بەسەر تاوان و مردندا,تاجەگوڵی سەرکەوتن دەخەینە سەرمان....

لەوێنەکەدا ئەستێرە ئاماژەیە بۆ ویژدان زۆر ساف و بریقەدار دەردەکەوێت,دڵەکەشی پڕە لە باوەڕو بەرەکەتی رۆحی پیرۆزو فریشتەکانی خوداش لە تەنیشتیەوە پەیمانی پیرۆزی پێدەدەن, ئەو پەیمانانەی کە خودا دەیداتە ئەو کەسانەی کە هەوڵدەدەن و سەرکەوتوو دەبن.

تورەکەی پارە کراوەکانیش کە پارەکانی لێ ڕژاوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم کەسە کە هەمیشە دەستی کراوەبووە بۆ بەخشین لە پێناوی خوداوەندا.وێنەی نان و ماسیەکەش ئاماژەیە بۆ ژیانێکی ساکار و مامناوەند,لەژیانی ئەم مرۆڤەدا ئالودەبوون نابینرێت,خواردنەوەی مەی و سەرخۆشبوون نەبووە,جگەرەکێشان قێزەون بووە,ئەم مرۆڤە جەستەی خۆی وەك ماڵێك بۆ جێگیربوونی رۆحی پیرۆزی خودا بەکارهێناوە,نەیهێشتووە ئەم جەستەیە گڵاو بێت,ئەم مرۆڤە بەردەوام بەرەکەتی وەرگرتووە لەرێگای خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزەوە ,نوێژو رۆژو

ئەم وێنەیە گوزارش لەو مرۆڤە دەکات کە هەڵگری بیرو باوەری مەسیحەو توانیویەتی شەیتان و سەرجەم ئارەزووەکانی لەش ببەزێنێت.هەموو تاقیکردنەوەکان لەدەوری وەستاون بەڵام ئەم مرۆڤە توانیویەتی خۆڕاگربێت تا کۆتایی.سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێناوە پشت بەستو بەمەسیحی مەزن ,ئەوەی کە هەموو مرۆڤایەتی خۆشویست.ئەم مرۆڤە لە پێشبڕکێ ڕۆحییەکاندا توانیویێتی بگاتە کۆتایی چونکە چاو و دڵ و دەرون و ناخی بەباوەڕەوە لەسەر عیساو پادشاهێتیەکەی بووە.

شەیتان و سەرجەم سەربازەکانیشی دەوری دڵی ئەم مرۆڤەیان داوە تاوەکو کەلێنێك بدۆزنەوەو بچنە ژورەوە ,بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوودو شکست خواردو بووە. ئارەزوەکان لەدەرگای دڵی دەدەن و هەوڵ دەدەن بەشێوەی جۆراوجۆر و جوان و ڕازاوە خۆیان نیشان بدەن ,سەرجەم ئەو ئاژەڵانەی کە گوزارشیان لەخرا پەکاری دەکرد خۆیان شاردۆتەوە لەبەرگی تری نوێدا ,هەروەك چۆن گوناهەو تاوان بەردەوام لەبەرگی نوێدا خۆی دەردەخاو خۆی دەنوێنێت ,بەڵام مرۆڤی شوێنکەوتوی مەسیحی ڕاستەقینە بە چاو کراوەیی و دانایی دەڕوانێت و نهێنیەکان ئاشکرا دەکا , چۆك دانادات تەنانەت ئەگەر شەیتان لەوێنەی فریشتەشدا بێت,ئەوا توانای جوداکردنەوەی ڕۆحەکانی دەبێت,چونکە ڕۆحی خوداوەند ڕۆحێکی ڕاست و دادوەرە,وە ئەم ڕۆحە لەهەر کەسێکدا هەبێت ئەوا بەرەو دادوەری و ڕاستی دەبات. ئەم ڕۆحە چاکە توانای جیاکردنەوەی چاکەی هەیە لە خراپە,داد پەروەری لەزوڵم و ستەم ,ڕوناکی لە تاریکی, گەندەڵی لە پیرۆزی ......

لەوێنەکەدا لە دەوری دڵەکە مرۆڤێك بە پێکێك شەرابەوە نمایش دەکا و دەیەوێت ئەم خاوەن دڵە چاکە هەڵفریوێنێ بەخۆشییە بۆگەنەکانی ژیان و بوون,بەڵام ئەمە هیچ کاریگەریەکی لەسەر ئەم دڵە چاکە نابێت چونکە ئەم مرۆڤە خۆی تەرخانکردووە بۆ خوداو سەرجەم کارەکانی شەیتان وایلێدەکات کە هێندەی تر هۆگری خوداوەند بێت.

لەوێنەکەدا جارێکی دیکە دەبینین کە کەسێك خەنجەرێکی بەدەستەوەیەو دەیدات لەدڵەکە , ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیهان کە چۆن بەگاڵتە جاڕیەوە دەڕوانێتە کەسانی شوێنکەوتووی عیسا ,هەندێجار لەناو خودی کڵێساکانیشدا لەم جۆرە مرۆڤە شەیتانیانە دەردەکەون و دەیانەوێت ئازاری باوەرداران بدەن و لە کەسایەتیان کەمبکەنەوە بەڵام مرۆڤی شوێنکەوتووی ڕاستەقینەی مەسیح بەردەوام پە یمانەکانی کتێبی پیرۆزی لە بیرەو دڵنەوای



Copyright ANGP

## وێنەی نۆیەم




دڵی سەرکەوتوو ( براوە )

جۆرێك چاوەڕێی نەبووە, بە دوو چاوی تاریك و خاڵیەوە تەماشای دەكات, خۆشی گوناهەكانی تەواوبوو, شەوە سوورەكان نەمان, ئێستا كاتی لێپرسینەوە هاتووە, لەناخیدا دۆزەخ دەكوڵێ و ڕۆحی دەسوتێنێ, ئەم مرۆڤە داماوە دەیەوێت نزا بكاو بپاڕێتەوە لەخودا, بەلام پەیوەندی بەخوداوە بەتەواوی دابڕاوە, خزم و كەس و كارەكەشی لەچواردەوری كۆبونەتەوەو هانی دەدەن و دڵنەوای دەكەن بەلام بێ سودە. كاتێكیش چاو دەخاتە سەر ئەو پارە زۆرانەی كە هەیەتی وا هەست دەكا ئاگرەو جەرگی گرتێبەر دەدا, هەوڵ دەدات تا بیر لەخودا بكاتەوە, بەلام شەیتان هیچ بوارێكی بۆ نەهێشتۆتەوە, هەموو ئەو شتانەی كە لە دونیادا هەوڵی بۆ دەدا لە پێناویدا ژیا ئێستا سەرسوڕمانی پێی دێ, وە بۆی دەردەكەوێ كە هەموو ئەو شتانە وەك گرتنی مشتێك لە با وایە, هیچەو ڕاستی و شەرمەزاری ڕاستەقینە لەوەدایە كە بكەویتە بەر دەستی خودا بەتاوانباری, ئەم مرۆڤە وەك كەسێكی تۆبەكار كە لە دوا ساتەكاندا داوای لێبورد دەكات دەبینرێت, بەلام دڵی تازە ڕەق بووەوە وەك بەردی لێهاتووە .هەزاران مرۆڤ بەشێوەی كتوپڕ دەمرن بێ ئەوەی كە بواری گەڕانەوەیان هەبێت, كەواتە با داوا لەخوداوەند بكەین تا كاتمان لەبەردەمدا ماوە نزا بكەین و بپاڕێینەوە تا لە گوناهەكانمان خۆش بێ, چونكە لەدواساتەكانی مردندا ئەم كارە بێ سوودە, چونكە باوەڕ ناكرێت كە كەسێك بەدرێژایی ژیانی خودا ڕەتبكاتەوەو نوقمی تاوان بوبێت و دڵی ڕەقبوبێت لەدوا ساتەكانی ژیانیدا داوای لێبوردن بكات, ئەم جۆرە مرۆڤانە چیدی گوێبیستی دەنگی بەزەیی خودا نابنەوە, بەڵكو گوێیان لەدەنگێكی ترسناك دەبێت و پێیان دەوترێت(( دەوركەونەوە لێم ئەی نەفرەت لێكراوان بۆناو ئەو ئاگرە تاهەتاییەی بۆ شەیتان و سەربازەكانی ئامادەكراوە. چونكە ئەوەی كە بۆ مرۆڤ دانراوە مردنەو دوای ئەوەش لێپرسینەوەیە چونكە وەسێتنامە كاتێك كاری پێدەكرێ كە خاوەنەكەی مردبێ بەلام گەر زیندو بوو هیچ كاری پێ ناكرێ )) (( عیبرانیەكان ۹:۱۷ )) .

Copyright AIGP

## وێنەی هەشتەم

دوایین پیسی رووتوقوتی
بت پەرستی پیسی




دوژمنایەتی، غیرە،
دووبەرەکی، چاوپیسی،
کوشتن

## کۆتایی تاوانباران

لەم وێنەیەدا تاوانبار دەبینین کە نزیک بۆتەوە لەمردن. جەستەی پڕە لەئازار لەنەخۆشی, بیرو هۆشیشی پڕە لەشێواوی, گیانی پڕە لەترس, ترس لەمردن, مردن بۆی هاتووە لەشێوەی نێسکە پەیکەرێکدا, مردن لەکاتێکدا بۆی هاتووە کە ئەم مرۆڤە بەهیچ

بە گوڵ و گوڵزار جوانکراوە بەڵام لەناوەوە پڕە لە ئێسك و پروسك و مارو مێرو و بۆگەنی.شەیتان درۆزنەو باوکی هەموو درۆزنەکانە لەناو ئەو دڵەی کەوا پێویست دەکات ڕۆحی ڕاستی و ساکاری و خۆشەویستی هەبێت دانیشتووەو قوڕگی بۆگەنی کردۆتەوە تا ژیانت قوتبدات.سەرەڕای ئەوەی کە ئەم جۆرە مرۆڤانە هەوڵ دەدەن کەخۆیان ڕزگار بکەن بەڵام ناتوانن چونکە چیدی بونەتە کۆیلە.بەم شێوەیەش ووتەی کتێبی پیرۆزیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە دەڵێ ((لەبەر ئەوەی ئەگەر بەویستی خۆمان هەڵەمانکرد دوای ئەوەی کە ڕاستیمان زانی،هیچ قوربانیەك نامێنێت کە ئەنجامی بدەین لە پێناوی گوناهەکا نماندا.هەروەك لەکتێبی پیرۆزدا هاتوە((کەواتە بەڕای ئێوە دەبێ چەند زیاتر بێ سزای ئەوەی بەسوکی سەیری ڕۆڵەی خودا دەکات و لەهەمان کات خوێنی پەیمان بە پیس دادەنێ کە پیرۆزی کردووە.هەروەها گاڵتە بەبەرەکەتی خودا دەکات؟چونکە ئێمە ئەوە باش دەناسین کەوتویەتی((تۆڵە سەندن هی منە،من پاداشت دەدەمەوە)).هەروەها نوسراوە ((خوداوەند حوکم بەسەر گەلەکەی دەدات)).

کەواتە ئەی خوێنەری خۆشەویست ئەگەر ئەمە دۆخی دڵی تۆیە ئەوا هاوار بکە و فرمێسك بڕێژە بۆ خودا چونکە تەنها ئەو دەتوانێت لێت ببورێ و ڕزگارت بکاو پاکت بکاتەوە لەگشت تاوانێك.ئەگەر بەدڵێکی شکاوو لێبوردەوە بێیتە بەردەم خودا ئەوا خوداش شەیتانت بۆ کۆت و بەند دەکات و لەگەڵ سەربازەکانیدا دەیانکاتە دەرەوەی دڵت.هەروەك چۆن پیاوە گوڵەکە هاتە بەردەم عیساو پێی ووت گەورەم گەر بتەوێ ئەوا پاکم دەکەیتەوە.عیساش دەستی درێژ کردو خستیە سەری و وتی ئەمەوێت پاکبەرەوە.پیاوەکەش دەستەبەجێ چاك بووەوە.بەڵام ئەگەر بەدڵڕەقی خۆت هێشتەوە و داوای لێبوردنت نەکرد ئەوا هیچ ڕێگەچارەیەکت نامێنێ تەنها ئەوە نەبێ کە لەناو لەناوچوون و تاریکی تا هەتایدا دەمێنیتەوە.

Copyright ANGP

عیسای مەسیح باسی لە دیاردەی ئەم جۆرە مرۆڤەی کردووە و وتویەتی: ((رۆحی پیس لەیەکێك دێتە دەرەوە بەشوێنە کۆن وداروخاوەکاندا ( الاماکن المهجورة) دەگەرێ بەدوای حەسانەوەداو دەستی ناکەوێ.ئینجا دەڵێ با بگەرێمەوە بۆ ئەوماڵەی بەجێم هێشت.کاتێك دێتەوە دەبینێت خاوێن کراوەتەوەو رازاوەتەوە.ئەوسا دەروا لەگەڵ خۆی حەوت رۆحی پیسی تر دێنێت کە خراپترن لەخۆی .دەچنە ئەو مرۆڤەوەو تیایدا جێگیر دەبن.ئینجا باری ئەو مرۆڤەو ژیانی لەجاران خراپتر دەبێ)) وە ئەو پەندەی لەسەر دەچەسپێ کە دەڵێ((سەگ گەرایەوە سەر ئەوەی رشایەوە)).هەروەها ((کاتێ بەرازیان شۆرد گەرایەوە بۆ ناو چڵپاو)) .ئەم ئایەتانە زۆر بە روونی بارودۆخی دڵی مرۆڤ دەردەخەن.ویستی تاوان بەهەموو هێزێکیەوە گەرایەوە ناو دڵ تا سەرتاپای دڵ بگرێتەوە.تەنانەت لە دەموچاویشیدا بەئاشکرا شەرەنگێزی دڵ دەردەکەوێت.

لێرەدا رۆحی پیرۆز ناچار دەبێت کە ئەم جۆرە دڵە بەجێ بهێڵێت.چونکە گوناهەو رۆحی پیرۆز هەرگیز رێناکەون هەروەك چۆن تاریکی و روناکی. فریشتەش کە ئاماژەیە بۆ ووشەی خودا هەڵدێ لەم جۆرە دلانەو بەغەم و پەژارەوە ئاور دەداتەوە بۆ دواوە بەئاواتی ئەوەی ئەم جۆرە بیر بکاتەوەو بگەرێتەوە بۆ لۆژیکی ئەقڵ هەروەك چۆن لەچیرۆکی کوری ونبوودا ئەوەمان بینی. چۆن بینیمان کوری ونبوو لە پاشماوەی خواردنی بەرازەکانی دەخوارد و خۆی بەداماوی و زەلیلی بینی و بەخۆی ووت ئەگەرێمەوە بۆلای باوکم و پێی دەڵێم:هەڵەم کرد بەرامبەر بەئاسمان و بەرامبەر بەتۆش هەربۆیە شایەنی ئەوە نیم کە بە کوری تۆ ناو ببرێم. بمکە بە یەکێك لەخزمەتکارەکانت.ئەمە تۆبەیەکی راستەقینەیە کە مرۆڤ دەگۆرێ و بەچاکەو بەرەکەت کۆتای دێت.

لە پێناوی ئەم تۆبەیەدا باوکە لێبوردنی بۆ دەرکردو بە خۆشحاڵیەوە گوێرەکەیەکی گەورەی قەڵەوی چەوری بۆ سەربری. بەلام ئێمە لەم وێنەیەدا نە تۆبەکردن و نە پەشیمان بونەوەیەکی وەها بەدی ناکەین کەوا بکات مرۆڤە تاوانبارەکە بێتە بەر دەم عیسای مەسیح و داوای لێخۆشبوون بکات.ناخی ئەم مرۆڤە تاریکە , گوێی هەیە بەلام دەنگی خودای ئاشکرا نابیستێ کە بانگی دەکات بۆ وازهێنان لەتاوان.چاوی هەیە بەلام دەرگای دۆزەخی کراوە نابینێت کە چاوەرێی دەکات.تاوان ئەنجام دەدات و شەرم ناکات.شەیتان بەتەواوی داگیری کردووە لەسەر کورسی دڵی وەك پادشا دانیشتووە.وەك گۆرێکی رازاوەی لێهاتوە کە لە دەرەوە



Copyright ANGP

# وێنەی حەوتەم




## دڵی یاخی بووی ڕەق بوو

ئەمە وێنەیەکی زۆر شەرم ئامێزە.ئەمە وێنەی دڵی مرۆڤێکە کە تام وچێژی بەرەکەتی خودای کردووە و تاوانەکانی بەخوێنی مەسیح پاك بونەتەوە, ژیانی ڕوناکی چێشتووە و ڕۆحی پیرۆزی تێدا جێگیربووە و بەهرەکانی وەرگرتووە.بەلام ڕۆحی یاخیبوون چۆتە ناو دڵیەوەو بەتەواوی لەخشتەی بردووە .....

بۆ هەموو کارێکی نارەواو نابەجێ و بەم جۆرەش شەیتان دەگەڕێتەوە ناو دڵ و نیشتەجێ دەبێت.

لەوێنەکەدا پیاوێك دەبینین کە خەنجەرێکی بەدەستەوەیەو دەیدات لەدڵەکە, ئەمەش وێنەی ئاماژە پێکراوی گاڵتەکردنەو سوکایەتی پێکردنی ئەو کەسانەیە کە لە خوداوە دوورن و خۆشەویستی و ترسی خودایان لەدڵ و ناخدا نەماوە......

لەتەنگ و چەڵەمەدا ڕۆحی تورەیی و یاخیبوون لەم کەسانەدا دەردەکەوێت, لەسەر زوبانیشیانەوە ووشەی نارەواو هەڵبەستراو, ئەو زوبانەی کەستایش و سوپاسی خودای پێدەکرد هەندێ جار شەیتان تەنها کەلێنێکی بچوك دەدۆزێتەوەو خۆی دەخزێنێتە دڵەکانەوە پاشانیش تێکدان و ئیرەیی و کەرتوپەرت بوون لەهەموو شوێنێك دینێتە کایەوە..

کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت( شەو نخونی بکەن و نوێژ بکەن تاوەکو نەکەونە تاقیکردنەوەوە ) ( مەتا ٢٦ : ٤١ ) هەروەها کتێب دەڵێت( جل و بەرگی تەواوی شەر بپۆشن تا نەکەونە فێڵەکانی شەیتانەوە ). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەوێنەکەدا دەبینین خودا چەندە پڕە لە خۆشەویستی و فریشتەی خودا هێشتا لەگەڵ ئەم مرۆڤەدا خەریکە تاوەکو بیگەڕێنێتەوە ژیانە پڕ باوەڕو ڕاست و دروستیەکەی پێشوی.

Copyright ANCP

کە دەری دەخات و پێی دەچێت ئەم مرۆڤە ئامادە بێت بۆ لەخاچدانی ئارەزووەکانی لەش و مردن لەگەڵ مەسیحدا بەرەو نەمان دەچێ و ئامادەیی تێدا نیە بۆی...

تاقیکردنەوەکانیش چواردەوریان لێداوە,ئەمیش خەریکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە و خۆی دەدات بەدەستەوە ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم مرۆڤە ئەوەندەی گوێ دەداتە دەنگی گوناهەو ئارەزووەکانی لەشی ئەوەندە گوێ ناداتە دەنگی خوداو لەخاچدانی ئارەزووەکان,سەرەڕای ئەوەی کە ئەم مرۆڤە هێشتا ئامادەی کۆبونەوەو نەریتە ڕوحیەکان دەبێت بەلام دڵ و ناخی دوورن لەخوداوەو خۆشەویستیەکەی جارانی نەماوە...

ئەستێرە لەوێنەکەدا ئاماژەیە بۆ ویژدان,ڕۆشنای ئەستێرەکە بەرەو خامۆش بوون چووە,خاچەکەش بووەتە ئەرکێکی قورس,ئەم مرۆڤە بەدبەختە لار ئەسەنگێت لەباوەڕەکەیدا, پەیوەندیشی لەگەڵ خوداوەند دابڕاوە ,خۆی داوە بەدەست ژیانی هاتو نەهاتەوە ,گرنگی بەهیچ نادات کۆشش ناکات بۆ گەیشتن بەڕاست و دروستی,لەوێنەکەدا تاوسێك بەدی دەکەین کە وێنەی ئاماژەپێکراوە بۆ خۆبەزلزانین و فوبەخۆداکردن بەجۆرێك ئەم مرۆڤە خۆی بیر دەچێتەوە کە بەبەرەکەتی خودا رزگاری بووە. بەراز وێنەی ئامازەپێکراوی مەی خواردنەوەیە,کاتێك کەسێك بانگهێشتی خوانێکت دەکاو مەیت پێشکەش دەکات و ئیدی وردە وردە بەرەو جیهانی بێئاگایی و بێ هۆشیت دەبات تا ئەو کاتەی چێژ دەبێتە ئامانجی گەورەو ئارەزووەکان دڵ پڕ دەکەن بەشێوازە شەیتانیەکان. پێ دەچێت ئەم بابەتە بەگوێگرتن لەنوکتەی ناشرین و چیرۆکی قێزەون و تەماشاکردنی وێنەی هەست بزوێن و بەشداریکردن لە ئاهەنگ و نمایشە سەماکارەکانەوە هێندەی تر ئەم مرۆڤە ڕاکێشێتە ئەو جیهانەوە ,لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن سەماکردن حەرام نیە بەلام ئایا سەماکارێکی وەهایە کە شکۆمەندی بەخودا ببەخشێت؟ سەما هێندە ویستی لەش جێبەجێ دەکات ئەوەندە ئارەزویەکی ڕوحی نیە بەهەمان شێوەش گوناهەکردنی جگەرکێشان......

باس لەهیچ یەکێك لە پێغەمبەرەکان نەکراوە کە تەنها جگەرەیەکیشیان کێشابێ.

شەیتان پێدەکەنێ و گەمە دەکات بەم جۆرە مرۆڤە گوناهبارە,واشی تێدەگەیەنێت کە یاریکردن بە گوناهە تاوان نیە,کەوتنیش بۆ تەنها جارێك زیانبەخش نابێت,بەلام لەڕاستیدا کردنی تاوان بۆ تەنها جارێك جاری دیکەشی بەدوادادێت و دەرگای دڵ دەکاتەوە



Copyright ANGP

## وێنەی شەشەم




دڵی تاقیکراوەی دابەشبوو بەسەر خۆیدا

ئەم وێنەیە ئاماژەیە بۆ کەسێك کە لەسەرەتای یاخیبونیدایە یەکێك لەچاوەکانی داخراوە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەو دایگرتووە, چاوەکەی دیکەی جێگیرەو بەئارەزوو حەزەوە بەبێ شەرم تەماشای جیهان و خۆشیەکانی دەکا تاوەکو چێژو خۆشیەکانی لێوەربگرێت. ئەو ڕوناکیەی کە لەم دڵدایە وردە وردە بەرەو کزبوون دەچێت, ئەو نیشانانەش

هەڵەم بەرامبەر بەتۆو بەئاسمان کرد هەربۆیە شایەنی ئەوە نیم کە بە کوڕی تۆ ناوببرێم ,وەك یەکێك لە خزمەتکارەکانت دامبنێ)). خودا ئامادەباشی تەواوی هەیە کە خۆشبێت لەهەر گوناهبارێك کاتێك داوای لێبوردن و تۆبەی تەواو دەکات ئەمە پەیمانی خودایە کاتێك کە فەرمووی(( دڵە ڕەقبووە بەردینەکەتان دەگۆرم بەدڵێکی نوێ و رۆحێکی نوێشتان پێ دەدەم بەجۆرێك لەسەر ڕاسپاردەکانم بڕۆن)) .ئا ئەمەیە پەیمانی نوێ کە خوداوەند هێنایەدی و مۆری کرد بەخوێنی عیسای مەسیح....

لەم وێنەیەدا دووبارە فریشتەکە دەبینین کە دیسانەوە ئامادەیی هەیەو دەرکەوتۆتەوە.فریشتەکان کاری خزمەتکردنی ئەو کەسانەیان کەوتۆتە ئەستۆ کە پادشاهێتی ژیانیان وەك میرات بۆ دەمێنێتەوە,بەرێزو ترسی خوداوەندەوە پاسەوانی دەکەن,هەروەها لەوێنەکەدا دووبارە شەیتان دەردەکەوێتەوە لەتەنیشت و لەنزیك دڵەکەوە بەجۆرێك چاوەڕوانی هەلێکە کە بۆی هەڵکەوێ و دووبارە بچێتەوە ناو ماڵە کۆنەکەی, هەربۆیە کتێبی پیرۆز هانمان دەدات کە نوێژ بکەین و ڕۆژوو بگرین چونکە شەیتان دوژمنی سەرسەختمانەو وەك شێرێك دەگەڕێ و دەنەڕێنێت هەرکەسێکی بێتە ڕێگا قوتی دەدات,هەربۆیە کتێبی پیرۆز دەڵێت خۆڕاگر بن لەبەردەم شەیتان ئەوسا لێتان هەڵدێ .

Copyright ANGP

ئەمە وێنەی ئامـاژەپێکراوی مرۆڤێکە کە بەتـەواوی دڵـی پاکبۆتـەوە بـەخوێنی مەسیح, ڕزگـاری بـووە بەبەرەکـەت و بـەزەیی خـودا, ئێستا ئـەم مرۆڤـە پەیکـەری ڕۆحـی خـودای زیندووە, جێگای باوك و ڕۆڵەو ڕۆحی پیرۆزە, هەروەك چۆن عیسا دەفـەرموێت (( هەرکەسێك منی خۆشبوێت وشەکانم دەزانێت و خـوداش خۆشی دەوێت و دێت بـۆلای و ماڵێکی لـەناخا دروست دەکات )) هەرکەسێك باوەڕی بەرۆڵەی خودا هەبێت خوداش پیرۆزی دەکات و پاداشتی دەداتەوە, دێت بۆلای لەڕێگەی ڕۆڵەوە.

کەواتـە ئێستا دڵێـك دەبینین کـە پاکبۆتـەوە و لـەجیاتی ئاژەڵـە جۆراوجـۆرو سـەرۆکە شەیتانەکەیان ڕۆحی پیرۆز بەدی دەکەین.

وەلەجیاتی ویستی لەش کە کۆتاییەکەی لەناوچوونە بەهەشتێکی ڕۆشن دەبینین کە چڵە مێوەکـان تیایـدا گەشـەیان کـردووە, بـەروبوومی ڕۆحـی گرتـووە کـە ئـەویش (خۆشەویستی, شادی, ئاشتی, نـەرم و نیـانی, ئـارام, دانبـەخۆداگرتن, چـاکەخوازی, بـاوەڕ, ساکاری, خۆشی) ئێستا ئـەم مرۆڤـە بۆتـە چڵێك لـەمێوێکی ڕاستـەقینە کە تیایدا جێگیربووەو بەروبوومی تەواو دەدات (( یوحنا١٥ :١-١٠ )).

هەرکاتێك کە ئەم دڵە پڕبوو لەڕۆحی پیرۆزو لەناوهەڵکێشانی ڕۆحی پیرۆزی وەرگرت ئیدی ئەتوانێت بەسەر لەشدا زاڵ ببێت و ئارەزوو حەزەکان لەخاچ بدات. ئێستا ئـەم دڵـە بـەباوەڕ دەژی نـەك بەچـاو, چـونکە سەرکەوتنی ڕاستەقینە بەسەر جیهانـدا ئەوەیـە کـە لـەڕێگای باوەڕەوەیەو چاوەڕێی هاتنەوەی دووەمی عیسایە, خۆشەویستی خوداو گرنگی پێدانی ڕێگای دورودرێژی ژیـانی بـۆ ڕۆشـندەکاتەوە.... خۆزگـە دەخـوازرێ بەدڵپاکـەکان, چـونکە هاوکـاری خوداوەنـدن. ئەگـەر سـەیری داودی پادشـا بکـەین سـەرەڕای دەوڵەمەنـدی و زۆری سـەروەت و سامانی و سەرکەوتنەکانی بەسەر دوژمنەکانیدا هەستی دەکرد کە شتێك هەیە زۆری پێویست پێیـەتی تـاوەکو بتوانێـت هاوکـاری خوداوەنـد بێت؟ هەربۆیـە لـەناخی دڵیـەوە هـاواری کرد (( دڵێکی پاك و بێگەردم تیا دروست بکـە ئـەی خـودا ڕۆحێکـی ڕاست و ڕەوان لەناخمدا نوێبکـەرەوە )) مـرۆڤ ناتوانێـت پـشتبەستوو بـەتوانای خـۆی ببێتـە خـاوەن دڵ و نـاخێکی چاك. بەڵکو ئەو کارە پشتبەستوو بە خودا دەکرێت لەڕێگەی ئامادەبوون لـەحزوری یـەزدان و داوای تۆبەکردنی ڕاستەقینە دان نان بەتاوانەکانداو وازهێنان لێـی. هـەروەك کـوڕی ونبـوو کاتێك وازی لەبەرازەکانی هێنا و گەڕایەوە بۆلای بـاوکی بەدڵێکی شکاوەوە ووتی (( باوکە من



Copyright ANGP

# وێنەی پێنجەم

چاکخوازی ، باوەڕ

خۆشەویستی ، خۆشی ، ئاشتی

ئەرمونیانی، ڕۆحسوکی

دانبەخۆدا گرتن، ئارامگرتن




پەیکەری خودا

شێری بەرەبەیان بقوقێنێت, پەترۆس نکۆڵی لێکرد, بەلام پاشان پەشیمان بۆوەو گریا. کەواتە ئێستا با بزانین لە خەڵك سڵدەکەینەوە , ئینکاری لەمەسیح دەکەیت ؟یان دانی پێدا دەنێیتن لەبەردەم جیهاندا؟

عیسای مەسیح دەڵێت(( ئەوەی نکۆڵیم لێبکات لەبەردەم خەڵکیدا من لەبەردەم خودادا نکۆڵی لێدەکەم ))( مەتا ١٠ : ٣٢-٣٣ )هەروەها دەڵێت (( هەرکەسێك دەیەوێت دوامکەوێت باواز لەخۆی بێنێت و خاچەکەی بدات بە شانیدا هەموو رۆژێك ))( مەتا ١٦ : ٢٤ )).ئەوەش کە خاچەکەی نادات بەشانیان و دوامبکەوێت من شایەنی نیم ))( متا ١٠ : ٣٨ )).

ئەی فیداکاری بەخشندە
تاوانەکانم بکوژێنەوە
بەخوێنی گەشت بیشۆرەوە
دڵم لەهەموو ناپاکیەك

Copyright ANGP

لەخاچدراوە,هەروەها منیش سەبارەت بەجیهان لەخاچدراوم)). ئەم مرۆڤە ئێستا دەزانێت مردنی مەسیح لەسەر خاچ مردنی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە باوەڕی پێدەهێنن و مردنی جیهان و هەموو شتە لەناوچووەکانیەتی و وازهێنان لەجەستەو ویستەکانی , ژیان بەرۆح و بە پاکو پیرۆزی ئەوەی گەر نەبێت بینینی راستەقینەی خودا نابێت ((هەوڵ بدەن بەئاشتی بژین لەگەڵ هەموو کەسێك. داوای پاك و پیرۆزی بکەن, بەشێوەیەك بژین جێی رەزامەندی خودا بێ, ئەگینا بێ ئەوە کەس ناتوانێ خودا ببینێ))(عیبرانیەکان ١٢: ١٤)).

لەناو دڵە وێنە کێشراوەکەدا دەتوانیت وێنەی ئەو ستوونە ببینیت کە عیسای پێوە بەسترایەوە کاتێك کە جلوبەرگەکەیان لەبەر داکەندو بەشوڵك لێیان دەدا لەو لاشەوە وێنەی ئەو قامچیانە دەبینین کە لێیان دەدا پێی ,کە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو ئازارانەی کە عیسا چەشتی و خوێنی رژا لە پێناوی چاکبوونەوەی ئێمەدا. هەموومان وەك مەڕی ونبوو وابوین خوداش هەموو تاوانەکانی ئێمەی لەسەر ئەو دانا (( ئەشعیا ٥٣: ١١-١٢)).

ئەو لێیدرا چونکە ئێمە یاخی بوین, هیرۆدسی پادشاو جولەکەکان گاڵتەیان پێ کرد لەجیاتی تاجی ئاڵتون تۆپەڵێك دڕکیان لەسەر سەری داناو پێیان دەگوت مەرحەبات لێ بێ ئەی پادشای جولەکە, تفیان لێ کردو بەشوڵك دەیاندا بە سەریدا, پاش ئەوەی تەواو کردیانە گاڵتە جاڕ پێچیان کرد بۆ لەخاچدان. زۆرینەیەك هەن لە مەسیحیەکان لەکڵێساکاندا نوێژ دەکەن و نانی خودا دەخۆن و سرودو گۆرانی رۆحی دەڵێن بەلام بەشدارن لەگەڵ جولەکەکاندا لە لەخاچدانی مەسیحدا لەرێگای کارە نارەواکانیانەوەو دورکەوتنەوەیان لەناخی خودا, چونکە هەرکەسێك دەڵێت ئەی خودا..ئەی خودا ..مەرج نیە بچێتە پادشاهێتی ئاسمان , بەڵکو ئەو مرۆڤانە دەچنە پادشایەتی مەزنی خوداوە کە کار بەراسپاردەکانی دەکەن, هەمووشمان چیرۆکی ئەو پارچە زیوە دەزانین کە یەهوزا وەریگرت لەبەرامبەر بەدەستەوە دانی مەسیح چونکە خۆشەویستی پارە چاوی کوێرکردبوو دڵی شەرەنگێزیشی تاریك کردبوو. هەموو ئەو کەرەسانەش دەبینین کە بەکارهێنرا بۆ کۆتوبەندکردنی مەسیح چونکە لەشەودا بوو کاتێك دەستگیریان کرد. هەروەها کەرەستەی شێرو خەت کردن بۆ دزینو دابەشکردنی جلەکانی لەلایەن سەربازەکانەوە تاوەکو ووتەی ئەو پێغەمبەرە بێتەدی ((جلەکانیان لەنێوانیاندا دابەشکردو شێروخەتیان لەسەر کرد )) بەخەنجەرەکانیان بریندایان کردو ئاو و خوێن لە جەستەی دەهات, پێش ئەوەی کەلە



Copyright ANGP

## وێنەی چوارەم




لە خاچ دراو لەگەڵ عیسا

ئەم وێنەیە کەسێکی شوێنکەوتووی مەسیحمان نیشاندەدات کە ئاشتی و ڕزگاری تەواوی لەناخیدا بەدەستهێناوە لەڕێگای خاچەکەی مەسیحەوە، ئەم مرۆڤە ئێستا شانازی ناکات بەشتە جیهانیە لەناوچووەکانەوە، بەڵکو بەخاچەکەی عیسا کە جیهانی پێلە خاچ دا . لە پەرتوکی غەلاتیە ٦-١٤ دا نوسراوە (( بەلام هیچ شکۆ مەندیەکم ناوێت گەر لەخاچی عیسای مەسیحی خوداوەندمان نەبێ، کە بەهۆی ئەوەوە جیهان سەبارەت بەمن

خۆشەویستییەی کە لە عیسادا دەرکەوت .بەتایبەتی کاتێک کە بیر دەکاتەوە لە قوربانیدانەکەی و ئازارەکانی سەر خاچ و کوتەکانی سەر دەست و قاچی لە کاتی هەڵواسینیدا ( واتە هەڵواسینی عیسا ) . کە ئەمانەش هەموی لە پێناوی ئەودا بوون .ئەم مرۆڤە کاتێك کە گوێی لە دەنگی خودا دەبێ و تەماشای ناخی خۆی دەکا لە ئاوێنەی خودادا , وێنەی ڕاستەقینە دڵە تاریکو نوتەکەکەی خۆی دەبینێت , ئەمەش وایلێدەکات کە لە خودا زیاتر نزیك بێتەوە, دڵی تەنگی دێتە کوڵ و دەست بە گریان دەکات ,گریانی پەشیمانی لە تاوان , بەم جۆرەش خۆشەویستی خودا دەچێتە دڵێوەو , بۆی دەردەکەوێت کە خودا لە دڵی شکاویەوە نزیکەو خودا دڵنەوای دڵە شکاوەکان دەکاو ئازارەکانیان سارێژ دەکات . خودا لە پەرتوکی ئەشعیا٦٦-٢دا دەڵێت (( ئەڕوانمە هەژاران و دڵشکاوەکان و هەمو ئەوانەی ڕێز لە وشەکانم دەگرن )) .

بەم چەشنەش ڕۆحی خوداوەندو خۆشەویستیەکەی باڵ بەسەر ئەم دڵە خاوێنە شۆراوەیەدا دەکێشن .مرۆڤە گوناهبارە تۆبەکارەکەش بە باوەڕوە چاوی خستۆتە سەر خوێنی ڕژاوی مەسیح لەسەر خاچ ,ئەو خوێنەی کە بۆ لێخۆشبونی گوناهە ڕژا .لێرەدا ئەم مرۆڤە بۆی دەردەکەوێت کە گوناهەکانی بەخشراون و دڵنیا دەبێتەوە لە ڕاستی ئەوەی کە لە ئینجیلی پیرۆزدا نوسراوەکە ((هەرکەسێك باوەڕ بە عیسا بێنێت لە ناوناچێت بەڵکو ژیانی تا هەتایی بە دەست دێنێت ..... ))( ئەفەسۆس ١ : ٧ )).

ئێستا ڕۆحێکی نوێ لەناو دڵی ئەم مرۆڤەدا دروست بووە و چیدی جیهانو هەمو خراپەکاریەکانی و جوانیە ناڕەواکانی لە لایەن ئەم مرۆڤەوە ڕتدەکرێتەوە , تەنها ویستی خودا لەم دڵەدا بەدی دێت , هەربۆیە دەبینین سەرجەم ئەو ئاژەڵانەی کە ئامازە بوون بۆ تاوان هەڵهاتونەتە دەرەوەی ئەم دڵە ,بەڵام شەیتان ڕاڕایە لە بەجێ هێشتنی , هەربۆیە دەبینین ئاوڕی داوەتەوە بۆ دواوە بە نیازی ئەوەی کەلێنێك بدۆزێتەوەو سەرلەنوێ بگەڕێتەوە , هەربۆیە کتێبی پیرۆز هانمان دەدا بە بەردەوامی نوێژ بکەین و بپاڕێینەوە و ڕۆژو بگرین تا شەیتان هەڵبێ ( ڕا بکا ).

Copyright ANGP

## وێنەی سێیەم




## دڵی تۆبەکار

ئەمە وێنەی دڵی مرۆڤێکی تاوانباری تۆبە کارە.ئەم مرۆڤە هەڵەکانی خۆی بینیوەو هەستی بە ناشرینیەکانی کردووە , ئەم مرۆڤە درکی بە ڕاستی لە خاچدانی عیسای مەسیح کردووە , ئەو لە خاچدانەی کە لە پێناوی بەخشینی گوناهەکانی مرۆڤدا ڕویدا ,هەربۆیە دەبینین بە دڵێکی شکاوو چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە تەماشای ئەو فریشتەیە دەکا کە خاچەکەی هەڵگرتووە ,ڕۆحی ئەم مرۆڤە لەئاستی خۆشەویستی خودادا تواوەتەوە ,ئەو

زیندوو, ئەو وشەیەی کە دەچێتە ناو قوولایی ناخەوەو بیرو مێشکو دڵی مرۆڤ دەهاژێنێت (عیبرانیەکان ٤:٢).

ووشەی خودا مرۆڤی گوناهبار بەبیر دێنێتەوە بەوەی کە کرێی تاوان مردنە, لەنامەی عیبرانیەکاندا نووسراوە,((هەروەك چۆن دوارۆژی مرۆڤ ئەوەیە جارێك بمرێ, دوایی رۆژی لێپرسینەوە دێت)) بێباوەڕەکان و تاوانباران جێگایان دۆڵی ئاگرو گۆگرد دەبێت.

فریشتەکە لەوێنەکەدا کەللە سەری مرۆڤێکی مردووی بەدەستێکیەوە گرتووە, ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە ئەو جەستەیەی بەدرێژایی ژیان گرنگی پێدەدەین و دایدەپۆشین بە پۆشاکی ڕازاوە و خواردنی دەدەینێ و کاری زۆر ئەنجام دەدەین لە پێناویدا ئەو جەستەیە لەکۆتاییدا دەبێتە خۆراکی مارو مێروی ژێرزەوی, بەلاّم رۆحی مرۆڤ لەبەردەم مەزنی خودادا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ, وێنەکە ئاماژەیە بۆ کەسێك کە خەریکە گوێی لەدەنگی خودا دەبێ و دڵی بۆ خۆشەویستیەکەی دەکاتەوە, رۆشنای خوداش هەڵدێت لەسەری, هەرکاتێکیش رۆشنای خودا دەرکەوت تاریکی هەڵدێ, خۆشەویستی خودا گەرم و گوڕی دەخاتە دڵە ساردو سڕەکانەوەو, ژیانی نوێی بۆ دەگەڕێتەوەو هەموو ئەو ئاژەلاّنەی کە ئاماژەبوون بۆ خراپەکاری و تاوان هەڵدێن.

کەواتە ئەی مرۆڤی بەدبەختی تاوانبار ڕێگە بدە رۆشنای خودا, مەسیحی مەزن بچێتە دڵتەوە تاوەکو تاریکی و کردەوەکانی تاریکی هەڵبێت و ببیتە خاوەن دڵێکی پاك و چاك. عیسای مەسیح دەفەرموێت((من ڕوناکی جیهانم ئەوەی دوامکەوێت بەتاریکیدا ناڕوات)) (یوحەننا ٨ : ١٢).

لەناوچوون و مردن بۆ ئەو کەسانەیە کە تاریکیان خۆشتردەوێت لەڕوناکی. کاتێك عیسا چووە پەرستگاکەوە بینی پڕبووە لەشوێنی فرۆشتنی گیانداران و ئاژەڵ و باڵدار, بە پارچە گوریسێك شوڵێکی دروستکردو دەستی کرد بەدەرکردنیان و مێزی پارە گۆڕەرەوەکانی هەڵگێڕایەوەو تێکی شکاند و ووتی((نووسراوە ماڵی من بەماڵی نوێژکردن ناودەبرێ و ئێوەش کردوتانە بە ئەشکەوتی چەتەکان)), لەم باسەدا پەرستگا ئاماژەیە بۆ دڵی مرۆڤەکان, مەسیحیش بەتەنها بۆ ئەوە نەهات کە بمانبەخشێ لەتاوان, بەڵکو ڕزگاریشمان بکات لەدەسەلاّتی شەیتان((ئەگەر ڕۆڵەش ئازادی کردین ئەوا بەتەواوی ئازاد دەبین)) یوحنا ٨ : ٣٦.



Copyright ANGP

مرۆڤی گوناهبار,بەڵکو خۆشحاڵ دەبێت بە تۆبەکردنی و گەرانەوەی بۆ ڕاست و دروستی ژیان لەگەڵ یەزداندا. عیسای مەزن هات بۆی ڕزگارکردنی گوناهباران و ونبووەکان ئاسمانەکان و فریشتەکان خۆشی و شادی دەگێرن بەوازهێنانی گوناهبارێك لەگوناهەو تاوان.ڕۆڵەی مرۆڤیش هاتووە تا بانگەواز بکات بۆ رزگاربوون,خوداش دەیەوێت بەخوێنی پیرۆزی مەسیح تاوانی تاوانباران بشواتەوە,خۆشەویستی خودا لەدەرەوەی دڵەکان چاوەڕوانە تا بچێتە ژوورەوەو ژیانیان بۆ بگەرێنێتەوە.عیسای مەسیحی مەزن لەدەرگای دڵەکان دەدات تاوەکو هەرکەسێك گوێی لێبێ و دەرگای لێبکاتەوە, بچێتە ژوورەوەو پاکو پیرۆزی بکاتەوە , ڕوناکی لەسەر هەڵبهێنێ و پری بکا لەئاشتی و خۆشی ژیان.

## وێنەی دووەم




دڵێکی بڕیار بەسەردا دراوی خۆ بەدەستەوە داو

ئەمە وێنەی دڵی مرۆڤێکە کە لەسەرەتای دەستپێکردنیدایە بۆ تۆبەکردن فریشتەکە شمشێرێکی دووسەری بەدەستەوەیە,شمشێریش وێنەی ئاماژە پێکراوە بۆ ووشەی خودای

نەماوە.مەسیح بەجۆرێك باس لەگوناهباران دەكات كە بێهەست بوون,ئەمەش واتای ئەوە دەدات كە ویژدانیان چیتر توانای دەرخستنی هەڵەكانی نەماوە.

چاو : لەوێنەكەدا چاو ئاماژەیە بۆ بەئاگابوونی چاوەكانی خوداوەند كە هەموو نهێنیەكانی ناو ناخ و دڵی مرۆڤ دەبینێت.هیچ شتێك نیە لەبوندا بتوانێت خۆی لەو چاوانە حەشار بدات چونكە پرشنگی چاوی خودا هەموو بەربەستە تاریكەكان تێك دەشكێنێت و نهێنی دڵە دا پۆشراوەكان دەبینێت, ئەگەرچی گوناهە شاراوەكان لەوپەری تاریكیدا لەناخی زەویدا یان لەسكی ئۆقیانووسەكان ئەنجام درابێ.چاوی خوداوەند ئاگای لێمانەو دەمانبینێت,داودی پێغەمبەر دەڵێت(( بۆ كوێ؟لەكوێ خۆم حەشاربدەم؟لەرۆحی پیرۆزو رووی تۆ بۆ كوێ راكەم؟ئەگەر رابكەم بۆ ئاسمانەكان ئەوا تۆ لەوێیت,ئەگەر بچمە رۆخی زەوییەوە ئەوا تۆ لەوێیت,ئەگەر نیشتەجێی ئەوپەری زەوی بم ئەوا دەستەكانی تۆ لەوێ دەمگرنە خۆیان و تاریكی هەڵدێ و چواردەورم روناكدەبێتەوە.تاریكی روناكی دەستەكانت دانا پۆشێ,شەویش وەك رۆژ روناك دەبێتەوە))(زەبوری ١٣٩)((ئەی خودا تۆ منت تاقیكردەوەو منت ناسی هەموو ووشەكانی سەر زمانمت پێزانی-لەهەر چوارلاوە دەورت دام و دەستت لەسەر دانام)).

فریشتە : فریشتە وێنەی ئاماژەپێكراوە بۆ ووشەی خودا,خودا مرۆڤ جێناهێڵێت تا بەردەوام بێت لەتاوان,خودا هەموو كات و سات لەگەڵ مرۆڤدا دەدوێت تاواز لەگوناهە بهێنێت,خودا داوا لەمرۆڤ دەكات كە دڵی بكاتەوە تا روناكی خودایی تێدا هەڵبێت.

كۆتر : ئەو باڵدارە جوان و نەرم و نیانەی كە كەس ئازار نادات ,وێنەی ئاماژەپێكراوی رۆحی پیرۆزە .رۆحی راستی,ئەو رۆحەی كە جیهان سەرزەنشت دەكات لەسەر ئەنجامدانی گوناهە,ئێمە لەوێنەكەدا لە دەرەوەی دڵ دەیبینین,مەحاڵە رۆحی پیرۆز لەدڵێكدا جێگیر بێت كە گوناهەو تاوان و شەیتان باڵیان بەسەرداكێشابێت .

زمانی ئاگرین : ئەو زمانە بچوكانەی كە چواردەوری دڵیان داوە لەوێنەكەدا ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی خودا بۆ مرۆڤی گوناهبار, چونكە خودا دڵخۆش نابێت بەلەناوچوون و مردنی



Copyright ANGP

لەناوبردنی پەیوەندی ژن و پیاو و داروخانی ژیانی هاوسەریێتی غیرە هەروەك سلێمانی دانا دەڵێت وەك دۆزەخ وایە.

بۆق: ئەو گیانلەبەرەی لەزەوی شت دەخوات, وێنەی ئاماژە پێکراوی ئارەزوو کردن و چاوتێرنەبوون و خۆشەویستی پارەیەکە سەرچاوەی هەموو خرا پەکاری و تاوانێکە. لەوولاتی کونغو جۆرێك لەبۆق دۆزراوەتەوە کە لەسەرخواردنی مێرولەکان دەژی, ئەم جۆرە بۆقە وازناهێنێت لەخواردنی مێرولە تا ئەو ساتەی کە هێندە دەخوات سکی دەتەقێت و دەمرێت. مرۆڤی چاوچنۆك هەست بەخۆشی ناکات کاتێك یارمەتی لێقەوماوان و دەستکورت و هەژارەکان دەدات, ئەم جۆرە مرۆڤانە بەهەموو رێگایەکی رەواو نارەوا هەوڵدەدەن ماڵ و سامانی زیاتر کۆبکەنەوە لەعەمبارەکانیاندا کەڵەکەیان بکات تا ئەو کاتەی مۆرانە تێی دەدات و دز دەیدزێت, مەسیحی مەزن پێمان دەڵێت با ماڵ و سامانتان لەئاسمان بێت, چونکە مرۆڤ ماڵ و سامانی لەهەرکوێ بێت دڵیش لەوێ دەبێت, یەهوزای ئەسخەریوتی لەناوچوو بەهۆی خۆشەویستیەوە بۆ پارە, یەهوزا عیسای دابەدەستەوە لەبەرامبەر سی پارچە زیودا.

شەیتان: ئا ئەمە درۆزن و باوکی درۆزنەکانە شەیتان سەرۆکی هەموو ئەو ئاژەڵە ئاماژە پێکراوانەیە کە لە دڵدا خۆیان جێگیردەکەن( وەك لە وێنەکەدا بینیمان ), شەیتان سەرۆکی دڵە. عیسای مەسیح بەجولەکەکان دەڵێت ئێوە شەیتان باوکتانەو دەشتانەوێت ئارەزووەکانی باوکتان جێبەجێ بکەن. ئەو شەرکەری دژی مرۆڤ بوو هەر لەسەرەتاوە و هەرگیز لەراستیدا جێگیر نەبووە, چونکە راستی تێدا نەبووە. هەرکاتێکیش قسەی کرد ئەوا درۆ دەکات.

ئەستێرە: ئەستێرە وێنەی ئاماژە پێکراوی ویژدانە لەدڵی هەموو مرۆڤێکدا. ئێمە لەوێنەکەدا بەلێڵ و تاریك دەیبینیت تاوان رەشی کردۆتەوە خورەوشتە ناشرینە باوەکان روناکایی و پرشنگی لێبریوە, بەجۆرێك توانای دەرخستنی رەواو نارەوای تیادا



Copyright ANGP

مرۆڤانە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم سروشتە نارەواو چەوتانەیان پەنا دەبەنە بەر خۆ سەرخۆشکردن و خواردنەوەی مەی چونکە لەم جۆرە بارودۆخەدا مرۆڤ چاونەترسانەتر دەبێت لەجێبەجێ کردنی دڵرەقیەکانی و تۆڵەکردنەوە لەدوژمنەکانی.

زۆرجار ئەم بارودۆخە دڵرەقانەو شەڕەنگێزانەیە ئەبێتە هۆی لەناوچوونی بەکۆمەڵی خەڵکی یەك لەدوای یەك.

کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێ(( ئەی خۆشەویستان تۆڵە مەکەنەوە چونکە مەینەتی دێنێت, من پاداشتان ئەدەمەوە, خودا دەفەرموێت, ئەگەر دوژمنەکەت برسی بوو نانی بدەرێ, ئەگەر تینووی بوو ئاوی بدەرێ چونکە گەر ئەمەتکرد ئەوا ئاگرو پشکۆ لەسەر سەری کۆدەکەیتەوە. با خراپە بەسەرتا زاڵ نەبێت, بەچاکە خراپە ببەزێنە, پێش ئەوەی رۆژ ئاوابێت واز لەتورەبیت بێنە, هیچ دەسەلاتێك مەدەن بەشەیتان.( هیچ بۆشاییەك بۆ شەیتان مەهێڵەرەوە )).

باباس لەو گوناهانە بکەین کە خۆمان ئەنجاممان داون بەرامبەر بەخودا پێش ئەوەی باس لەو تاوانانە بکەین کە لەلایەن خەڵکیەوە ئەنجامدراون بەرامبەرمان, وە با باس لەئامۆژگاریەکانی خودا بکەین کە پێمان دەڵێن گەر لەتاوانی خەڵکی خۆش نەبین ئەوا خوداش لەتاوانەکانمان خۆش نابێت.

مار: ئەو گیانلەبەرەی کە رۆژێك لەرۆژان زۆرجوان و نایاب ئادەم و حەوای هەڵخەڵەتاندو کردنیە دەرەوەی بەهەشت. شەیتانی دڵ پڕ لەئیرەیی خۆی ئاخنیە ژیانی دایك و باوکە یەکەمینەکەمانەوە چونکە خوداوەند خۆشی دەویستن و هەموو شتێکی خستبووە ژێر دەسەلاتیانەوە. شەیتان بەم جۆرە توانی داوی تێکدانی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندی مرۆڤ و خودا سەرکەوتوانە جێبەجێ بکات. مار وێنەی ئاماژەپێکراوی تاوانی ئیرەییە( الحسد )( رۆحی رق و ئیرەیی )کە دڵی شەیتانی پڕکردبوو, ئەم وێنەیە لەدڵی هەموو ئەو مرۆڤانەدا هەن کە لەخوداوە دوورن, هەرکاتێك خەڵکی لەئاشتی و خۆشگوزەرانیدا بژین, ئەم جۆرە مرۆڤانە ئاشتی و خۆشگوزەرانیان تێکدەچێت, هەربۆیە تەنانەت ئەوانەی کە خزمەتکاری خوداشن دەبێت خۆیان بەدووربگرن لەگوناهەی ئیرەیی بەتایبەتی کاتێك کە خزمەتکارێکی دیکە دەبینن کە خودا بەسەرکەوتوویی بەکاری دێنێت. ئیرەیی و غیرەکردن لەوانەیە ببێتە



Copyright ANGP

خوداوەند لەکۆندا بەگەلەکەی ووت(( مردن بۆ جادوگەرەکان, باسحربازەکان لەنێوانتاندا نەمێنن با خاوەن کۆیلەتان لەنێواندا نەمێنێت, باهەموو ئەوانەتان لەنێواندا نەبێت کە پرسیار لەجنۆکە دەکەن و پشتی پێدەبەستن, با ئەوانەتان لەنێواندا نەمێنێت کە ئامۆژگاری و راوێژ لەگەڵ مردواندا دەکەن, چونکە هەموو ئەوانەی ئەم کارانە ئەنجام دەدەن خوداوەند رقی لێیان دەبێتەوە.(( هەرکەسێك لەجادوگەرو لەجنۆکەو پاشکۆکانیان نزیك کەوتەوە تا خراپە بکات لە پشتیانەوە من دژی دەبم و لەگەلەکەی دادەبڕێنم تا پاك و پیرۆز بن چونکە من خوداوەند خوداتانم ))( لاوین٢: ٦-٧).

مەسیحی مەزن تەنها خۆی سارێژکەری رۆح و جەستەیە. ئەوەی کە لە تاوانەکانت خۆش دەبێت, ئەوەی کە نەخۆشیەکانت چاك دەکاتەوە, ئەوەی کە خۆی بەخت دەکات لە پێناوت( زەبورەکان١٠٣ : ١-٢ )( ئەگەر کەسێك لەنێوانتاندا نەخۆشکەرت با پیرانی کلێسا بێن و نوێژی لەسەر بکەن چەوری بکەن بەرۆنی پیرۆز بەناوی خوداوە, چونکە نوێژی باوەڕ نەخۆش چاك دەکاتەوەو خوداوەندیش هەڵیدەسێنێتەوە, ئەگەر گوناهەیەکیشی کردبێت لێی خۆشدەبێت.( یەشوع ٥ :١٤ )( لای یەکتر دان بەگوناهەکانتاندا بنێن نوێژ بۆ یەکتری بکەن تا چاك ببنەوە )( یەشوع ٥: ١٦ ).

ئەمە وێنەی ئەو گوناهانەیە کە کیسەڵ ئاماژەی بۆ دەکات لەناوێنەی دڵدا. جا تۆش گەر ئەم لاپەرانە بخوێنیتەوە رۆحی خوداوەند لەگەڵتدا دەدوێ تاوەکو تۆبە بکەیت و ژیانت ببەخشیتە خودا. بەلام کیسەڵی ناو دڵت دەچرپێنێت و دەڵێت پێویست ناکات پەلە بکەیت هێشتا کات ماوە لەبەردەمتدا تۆ هێشتا لاویت, دوای ئەوەی کە ژیانت جێگیر بوو ئەو کاتە بیر لەمە بکەرەوە, با جاری تێر لەدونیا بخۆیت, باژن بهێنیت با منداڵەکانت گەورەبن... ووردە ووردە گوێکانت بەرامبەر دەنگی خودا کەڕ دەکاو بەردەوام دەتنوێنێتەوە تا کاتێك دێت خەبەرت دەبێتەوە هەموو شتێك تەواو بووەو لەکۆتاییە ترسناکەکەدایت و هاوار دەکەیت (( هاوین رۆیشت و دروێنە تەواو بوو بەلام من هێشتا هیچم نەکردووە )).

**پڵنگ**: پڵنگ ئاژەڵێکە شەیدایە بە لەتوپەتکردن و خوێن, پڵنگ وێنەی ئاماژەپێکراوە بۆ تورەیی و رق, بۆ رۆحی شەرەنگێزی و دڵرەقی مرۆڤ. هەر مرۆڤێك بیرکردنەوەی توندو رۆحی تورەیی باڵی بەسەردا بکێشێت بەرەو ئەنجامدانی کاری نادروست و ناڕەوا هەنگاو دەنێت ,وەك زمان زبری و لۆمەکاری و توندرەوی و شەڕو تەنانەت کوشتنیش. هەندێکجار ئەم جۆرە



Copyright ANGP

خوداوە.خۆتان سەرخۆش مەکەن بەمەی کە روتوقوتی تێدایە بەڵکو خۆتان پڕبکەن لەرۆحی پیرۆز ( ئەفەسوس ٥ : ١٨ ).
بۆ هەر مرۆڤێکی تینوو بۆ خودا مەسیحی مەزن دەفەرموێت (( هەرکەسێك تینووی بوو بابێت بۆلام و بخواتەوە.ئەی مرۆڤە تینووەکان وەرن بۆلام من ئاوی ژیانتان دەدەمێ )) ئەوەی زێرو زیوی نیە بابێت بۆلام وەرن بکرن بەخۆرایی شەرابی ژیان و ماست.بۆچی زیوەکانتان ئەدەن بەهیچ ماندوبونیشتان بۆ تێرنەبوون.گوێملێبگرن و بخۆن و بخۆنەوە لە چەورو چێژدار.( أش٥٥ : ١-٢ ).

کیسەڵ :!! ئەم ئاژەڵە خاوو خلیچکە ئاماژەو وێنەیە بۆ تەمبەڵی و دواخستنی کار وەك بەختگرەوەیەك چونکە گوناهەی بەختگرەوە گوناهەی باوەڕنەبوونە.مرۆڤی تەمبەڵ بەتاقیکردنەوەی جۆراوجۆردا خۆی بەکێش دەکاو لە پێناو گەیشتن بەنانی رۆژانەی و دابینکردنی ژیانی ,چونکە پێی دەچێ تەمبەڵ پەنا بباتە بەر دەست پیسی و دزی تەنها بۆ ئەوەی کارنەکات,دزیش پاڵپێوەنەرە بۆ کوشتن.تەمبەڵی رۆح لەخوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و نوێژکردن دوامان دەخاو پەکمان دەخات لەچونمان بۆ کڵێسا.دواخستنی ئیش و کار دزینی کاتە کە بە نەهامەتیو لەناوچوون کۆتایی دێت.نوسەری نامە بۆ عیبرانیەکان دەڵێت(( ئەمرۆ ئەگەر گوێتان لەدەنگی بوو( واتەدەنگی خودا ) دڵتان رەق مەکەن )) ( عیبرانیەکان٣ : ٧-١٨ ).
ئەگەر خوداوەند ئەمرۆ لەگەڵتدا دواو بانگی کردیت بۆ بەخشینی دڵ و ژیانت پێی ئەوا شەیتان دێت و پێت دەڵێت ژیانت نەدەیتە دەستی داوای لێخۆشبوون و تۆبە نەکەیت پەلە مەکەو ئەم کارە دوا بخە بۆ سبەینێ و دوو سبەی و کاتێکی گونجاو تاوای لێدێت خۆت دەبینیتەوە ژیانت هەمووی رۆشتووە و هێشتا هیچ هیوایەك لەدڵتدا دروست نەبووەو نەخوداو نەهیواو نەژیان هیچیت بەدەست نەهێناوە.تویکڵی بەردینی پشتی کیسەڵ لەلایەن هەندێکەوە بۆ سیحرو جادوگەری بەکاردەهێنرێت.ئەم کارەش گوناهەی باوەڕنەبوونە بەخوداو متمانە کردنە بەجادوو,زۆرینەیەك هەن لەخەڵکان ئەم متمانەیە بەجادوگەرەکان دەبەخشن و دەچنەلایان بۆ کاری جادوگەری و چاوبەستی,کە بەمەش خوداوەند تورە دەکەن و ئەو ئامۆژگاریە پشتگوێ دەخەن کە دەڵێت دواى سیحربازەکان و جنۆکەکان مەکەون.

Copyright ANGP

ئارەزووەکانی لەشی خۆیان بگرن ,ئەم گوناهەیە تەنانەت لەنێوان ئەوانەی کە هاوسەرگیریشن زیادی کردووە , ئەمەش بەڕونی ئاماژەیە بۆ نزیکبونەوەی ڕۆژی کۆتایی ,هەروەك چۆن لەسەردەمی ( لوط ) دا ئێستاش ئاوا ,گوێبیگرەوبڕوانە هەندێك لە هۆزەکانی کیشوەری ئەفریقیا چیدەڵێن لە بارەی مرۆڤی پیسەوە , ئەوان بەسەگ ناوی دەبەن . ئەم جۆرە مرۆڤە پیسانە نابنە میراتگری پادشاهێتی ئاسمان ( جادوگەرەکان و داوێنپیسەکان و پیاوکوژان و بت پەرستەکان و درۆزنەکان ) ( بینین ۲۲ _ ۱۵ ) هەربۆیە دورکەونەوە لە داوێنپیسی , هەم و ئەو گوناهانەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە دەرەوەی لەشن بەلام ئەوەی کە داوێنپیسی دەکات تاوان بەرامبەر لەشی خۆی دەکات . ئایا نازانن کە لەشتان پەیکەری ڕۆحی پیرۆزە , ئەوەی پەیکەری ڕۆحی پیرۆز پیس بکات خوداوەندیش پیسی دەکات . ( کۆلۆسی ۳ : ۱٦ — ۱۸ ) .

<u>بەراز</u> : وێنەی بەراز ئاماژەیە بۆ گەندەخۆری و پیس خۆری , بەراز هەموو ئەو شتانە دەخوات کە دێنە ڕێگای ,خواردنی بۆگەن و خاوێن , کۆن و نوێ لەیەکتر جیاناکاتەوە , خەڵکانێکی زۆر هەن وەك بەراز هەردەم دەخۆن و دەخۆنەوە ئەگەر چی توشی سەد دەردو نەخۆشیش بن , ماددەی هۆشبەر , توتن و مەی ,شەیتان بەندی ئەم کلتورەیان دەکات. لەکۆتاییشدا تێکیان دەشکێنێت , چونکە لە ئەنجامی ئالودەبون بە مادده هۆشبەرەکان چەندین هەڵەو تاوان لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت , بێهۆشکەر مرۆڤ دەبەنگ دەکاو بیر هەڵدەچێنێ و مرۆڤ تێك دەدات , ماددەی هۆشبەر مرۆڤ دەکاتە گاڵتەجاڕ , هەربۆیە هەرکەسێك پابەند بێت پێوەی بە دانا ناو نابرێت . لەشەریعەتی موسادا هەرکەسێك ئالودەی مەی ببوایە بە یاخی بوو ناودەبرا و بەردەباران دەکرا تا مردن .( دووانە ۲۱ : ۱۹ –۲۱ ) .هەروەها دروستکەری مەییش وەك ئەو کەسەتاوانباربو کە دەینۆشی . مردن بۆ ئەو پاڵەوانانەی کە مەی دەخۆنەوەو ئەو کەسە بەهێزانەی کە سەرخۆش دەبن . مردن بۆ پێشکەشکاری مەی( حبقوق۲ : ۱۵ ) .ونبوەکان,داوێن پیسەکان, بتپەرستان, دزەکان, چاوبرسیەکان سەرخۆشەکان,هیچ یەکێك لەمانە نابنە میراتگری پادشاهێتی ئاسمان.چاوچنۆکی لەش ئاشکرا دیارە,بت پەرستی جادوگەری, دوژمنایەتی, دوبەرەکی,تورەیی,ئیرەیی,کوشتن,سەرخۆشی,هیچ یەکێك لەمانە ناچنە پادشاهێتی



Copyright ANGP

ئالودەبونی بە خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان پێوە دیارە . دەردەسەری بۆ کێیە ؟ بارگرانی بۆ کێیە ؟ سورهەڵگەڕانی چاوەکان بۆ کێیە ؟ بۆ ئەو کەسەیە کە دەگەڕێت بە دوای خواردنەوەیەکی تێکەڵاودا کەلەکۆتاییدا وەك مار پێوەی دەدات , بەڵام هەستی پێناکات کە ئازاری دەدات و هەرکاتێکیش بە ئاگا دێتەوە سەرلە نوێ داوای دەکات.

لە ناو ئەم دڵە بەدبەختەدا چەندین جۆری ئاژەڵ کۆبونەتەوە , هەر ئاژەڵێك تیایدا ئاماژە بۆ گوناهەیەك دەکات . دڵیش دەبێتە ماڵی ئەم گوناهانە , خوداوەند دەفەرموێت ( چونکە لە ناوەوەی دڵی مرۆڤ بیری خراپ دێتە دەرەوە وەك : بەڕلای , دزی , کوشتن , داوێنپیسی , چاوچنۆکی , هەڵخەڵەتاندن ,بەدڕەوشتی , چاوپیسی , کفر , لوتبەرزی و گێلی , ئەم شتانە هەموو لە ناوەوەی مرۆڤ دێتە دەرەوەو مرۆڤ گلاو دەکات ) . مەرقۆس ( ٧ : ٢١-٢٣ ) .

تاووس : یەکەمینی ئەم ئاژەڵانە تاووسە , باڵندەیەکی جوان و پەڕنگین و ڕازاوەیە , وێنەی تاوس ئاماژەیە بۆ تاوانی خۆبەزلزانین , لوسیفیر هەڵگری مەشخەڵی خوداوەند یەکێك بووە لە فریشتەکانی خوداوەند , بەڵام کەوت و یاخی بوو لە خوداو بووە دوژمنی , ئەمەش بەهۆی خۆبەزلزانینیەوە بوو . ( أش ١٤ : ٩ -١٧ ) . ئێستا ئەو ( لوسیفێر ) فریشتەی تاریکییەو شەیتانە کە کۆتاییەکەی لەناو چونە .خۆبەزلزانین شێوازی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت , هەندێك شانازی دەکەن بە هەبونی سەروەت و سامان و ماڵ و موڵکەوە , هەندێکیش بە جوانی و جلوبەرگەوە , هەندێکی دیکەش خۆی بادەدات بەسەر خەڵکانی دیکەدا بە شانازیکردن بە ڕەنگ و ڕەگەزییەوە یان زانست و زانیارییەوە , هەندێك لە خانمانیش بە لەش و لاریانەوە , ئەمانە هەموی گوناهەی خۆبەزلزانینە کەتێکشکان و نوشوستی بەدوادا دێت چونکە خوداوەند بەرەنگاری خۆبەزلزانەکان دەبێتەوە , بەڵام بەرەکەت دەبەخشێتە ساکارەکان .

سەگ : سەگ لەوێنەکەدا ئاماژەیە بۆ ئارەزووەکانی لەش , سەگ بۆ هەرشوێنێك بڕوات خۆی خاوێن ڕاناگرێت , زۆرینەیەك لە مرۆڤی چاوچنۆك هەن سروشتی سەگیان وەرگرتووە بۆ هەرشوێنێك بڕۆن هەوڵی سۆزداری ناماقوڵانەی سێکسی دەدەن , ئەم جۆرە گوناهەیە لەم سەردەم و زەمانەیەدا لەناو گەنجەکاندا زۆر زیادی کردووە , گەنجان نازانن چۆن جڵەوی

Copyright ANGP

# وێنەی یەکەم




## دڵی تاوانبار

ئەم وێنەیە دڵی مرۆڤی تاوانبارمان بۆ دەردەخات , مرۆڤێکی جیهانی کە دڵی نوێ نەبوبێتەوە و خودای ئەم زەمانەیە دڵی داگیر کردبێت , ئارەزووەکانی لەشی بەڕێوەی دەبات . ئەم وێنەیە دڵێکە کەخودا دەیبینێت , بڕوانە هەر دوو چاوە سورەکانی کە نیشانەی

تاوانەکانمان خۆش دەبێ , چونکە گەر بڵێین ئێمە بێتاوانین ئەوا خودا بەدرۆ دەخەینەوە , بەم شێوەیەش ووشەی خودا هەرگیز تیاماندا جێگیر نابێت , هەربۆیە با لەژێر دەستەکانی خودادا ساکار بین لێمان خۆش دەبێ و بەخوێنی پیرۆزی عیسا بێتاوا نمان دەکات .

خوێنەری ئازیز تۆ یەکێکیت لە دوان , یان کۆیلەی گوناهەیت یان کۆیلەی خودایت . یان لەژێر فەرمانەکانی شەیتاندایت , یان سەر بە بادشایەتی خودایت , ئەگر دەزانیت گوناهە گردویتی بە کۆیلەی خۆی مەیشاردوە , ئەگەر شەیتان کۆت و بەندی گردویت هاوار بکە بۆ مەسیح ی مەزن ئەوەی کە هات بۆ ئەم جیهانە تا کۆیلەکان ئازاد بکاو چاوی نابیناکان بکاتەوە و رزگاریان بکات لە تاریکی و تاریکیش لە دڵەکاندا دەربکات . ئەو هات بۆ ئەوەی بمانبات بۆ ناو روناکییە سەرسورهێنەرەکەی خۆی ,ئەو گیانفیدای ئێمە بوو , بە خوێنی ئەو لێخۆشبونی تاوان رویدا . تۆ لەبەردەم خودایەکی پیرۆزدا وەستاویت هەموو راستییە شاراوەکانی دڵ و بیرت دەزانێت , تۆ ناتوانیت لە چاوەکانی ئەو وون بیت و هەموو شتێك لەبەردەم شکۆمەندییەکەی ئەودا ئاشکرایە و پەردەپۆش ناکرێت . ئایا دروستکەری گوێکان نابیستێت ؟ ئایا دروستکەری چاوەکان نابینێت ؟ چاوەکانی خوداوەند رێگاکانی مرۆڤو هەموو هەنگاوەکانی دەبینێت تاوەکو پڕ لەخۆشەویستی بێت لەگەڵ ئەوانەی دڵی خۆیان بێکەموکوڕی داوەتێ .خۆزگەی پێدەخوازرێ ئەوکەسەی گوناهەکانی بەخشراو تاوانەکانی داپۆشرا . خۆزگە دەخوازرێ بەو پیاوەی کە خوداوەند تاوانەکانی بۆ تۆمار ناکاو لە رۆحیدا ساختەکاری نابینرێت . ( زەبورەکان ٣٢ : ١-٥ ) .

ئەی مرۆڤی دور لە خودا تۆ لەماندوبون و شەکەتیدایت , مەسیح بانگت دەکات و دەڵێت وەرن بۆ لام ئەی هەم و ماندووان و بارگرانەکان من دەتانحەسێنمەوە .( مەتا ١١ :٢٨ ) .

## پێشەكی :

ئەم کتێبە نوێ نیە , لە فەڕەنسا پێش دووسەد ساڵ دەرکەوتووە و بە پیرۆزیو بە ئاشتیەوە هەڵهاتووە بەسەر هەزاران مرۆڤدا وەك ئاوێنەیەك بۆ رۆح . خوێنەر دەتوانێت ڕەنگدانەوەی وێنەی دڵی خۆی لەسەر لا پەڕەکانی ببینێت هەروەك چۆن یەزدان دەیبینێت . ئەم بینینە ڕاستەقینەیەش وا لە مرۆڤ دەکات ڕێچکەی پەشیمانی و وازهێنان لە تاوان و ژیانی چەوتیی بهێنێو ژیانێکی نوێ لە ڕێگای عیساوە بۆ خۆی بگرێتەبەر . زۆرینەیەك لەو مرۆڤانەی ئەم پەرتوکەیان خوێندۆتەوە پیرۆزی ڕۆحیان لە نێو لا پەڕەکانیدا دۆزیوەتەوە . وەك مرۆڤێك هەرچیەك بێت بیرو بۆچون و ڕەنگ و ڕگەزو ڕەچەڵەکت لەکاتی خوێندنەوەی ئەم پەڕتوکەدا وینەی ڕاستەقینەی خۆت بەدی دەکەیت وەك ئەوەی کە هەیت , مەبەستیشمان لە وێنە وێنەی ڕاستەقینەی ناو ناخ و سەرجەم کردارو ڕفتارە چاك و خراپەکانە , ئەو کردەوانەی کە لەلای خودا خۆشەویست یان قێزەو نمان دەکات . شەیتان درۆزنەو کتێبی پیرۆز بە باوکی درۆزنەکان , سەرۆکی تاریکی , خودای ئەم سەردەم و زەمانەیە وەسفی کردووە ,ئەو خۆی دەگۆڕێ بۆ فریشتەی ڕوناکی لەبەر ئەوەی گەر وەك شێوە ڕاستەقینەکەی خۆی دەربخات مرۆڤ ڕەتیدەکاتەوە, شەیتان چاو کوێر و گوێ کەر دەکات تا مرۆڤەکان شکۆمەندی و خۆشەویستی خودا نەبینن ئەو خۆشەویستییەی کە لە عیسادا خۆی دەنوێنێت ( ٢کو ٤:٤ ) .

هەموو ئەو کەسانەی کە شەیتان کوێری کردوون نازانن ڕێچکەی لەناوچونیان گرتووەو بەرەو ڕوی ئاگرو فەنابونی تا هەتای دەڕۆن . ئەوانە بەڕۆح مردوون , ئەوانە بە ڕۆح مردوون و سەرۆکی ئەم جیهانە کە شەیتانە کردونی بە کۆیلە ( ئەفەسۆس ٢:٢ ) . هەربۆیە ڕۆحی خودای بەرجەستە بو لە مەسیحدا دەرکەوت تاوەکو کارەکانی شەیتان پوچەڵبکاتەوە ( ١ یوحەنا ٣:٨ ) . هەربۆیە دەوترێت ساکاربن لەبەردەم خوداوەند , خۆڕاگر بن دژ بە شەیتان تا ئەو کاتەی لێتان هەڵدێ , ( یاقوب ٤ : ٧ ).لەسەر لا پەڕەکانی ئەم پەڕتوکە وێنەی جۆراوجۆری دڵما نمان نەخشاندووە , دەتوانیت دڵە ڕاستەقینەکەی خۆت بناسیتەوە... گەر بۆت دەرکەوت دڵت شەڕنگێزو بەدکارە چاوی لێمە پۆشە چونکە گەر بڵێین ئێمە هەڵەمان نیەو بێتاوانین ئەوا خۆمان وون دەکەین و بەتاڵ دەبین لەڕاست و دروستی . بەلام گەر دا نمان بە هەڵکا نماندا نا ئەوا خوداوەند چاکەو داد پەروەرە , لێمان دەبورێ و لە سەرجەم

Copyright ANGP

ناوی کتێب: دڵی مرۆڤ

نووسینی: ئاندریو نیفوڵ گیۆڕ

وەرگێڕانی: کڵێسای ئینجیلی ئازاد

Copyright ANGP

# دڵی مرۆڤ
## وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە

کڵێسای ئینجیلی ئازاد

نووسینی

A. N. G. P.

Copyright ANGP

## A SPECIAL WORD FROM ANGP
## UN MONDE SPÉCIAL DE L'ANGP
## UMA PALAVRA ESPECIAL DA ANGP

**This booklet "The Heart of Man" is available in over 538 languages and dialects spoken throughout the world (Africa, Asia, The Far East, South America, Europe, etc.) Our Heart Book is now also available on cell phones, tablets, etc from www.angp-hb.co.za or as an APP "Heart of Man" on Android phones.**

**Le livre du "Coeur de l'homme" peut etre obtenu en plus de 538 langues et dialectes parles dans le monde entier, a savoir: Afrique, Amerique, Asie, Extreme Orient, Europe. Notre Livre du Coeur est maintenant aussi disponible sur votre Telephone cellular, plaques, etc. de www.angp-hb.co.za ou comme une Application "Heart of Man" sur telephones Android.**

**Este livro "O Coracao do Homem" e obtfdo em mais de 538 linguas e dialectos falados em todo o mundo, a saber: (Africa, Asia, America do Sul, Extremo Oriente, Europa, etc). O nosso Livro O Coração do Homem tambem esta agora disponivel em telefone celular, tablets, etc. de www.angp-hb.co.za ou como um aplicativo "Heart of Man" nos telephones celulares Android.**

**The 10 heart pictures contained in this booklet are also available in the form of large coloured picture charts (86 x 61cm) bound together in a set of 10 pictures. These "Heart Charts" can be obtained with European or African features and are particularly suitable to be used in conjunction with the Heart Book for class-teaching, open air evangelization etc. Kindly contact us to ascertain the latest subsidized price of this chart.**

**Les 10 images du coeur qui figurent dans ce livre peuvent etre obtenues en tableaux de couleur, format 86 x 61 cm, avec des physionomies europeennes ou africaines. Ils peuvent etre utilises en meme temps que le livre du coeur pour des classes bibliques, a**

Copyright ANGP

l'ecole du dimanche ou lors de reunions de plein air. Soyez aimable de nous contacter pour assurer les derniers prix en cours du tableau.

As 10 imagens do coracao, contidas neste livro podem ser obtidas num conjunto de 10 imagens em colorido no tamanho de (86 x 61 cm). Estes "Cartazes do Coracao podem ser obtfdos com caracterfsticas Europeias e Africanas e podem ser usados em conjuncao com o mesmo livro em classes de ensino biblico, evangelizacao ou ao ar livre. Agradeciamos que nos contacta- se para confirmacao do ultimo preco dos cartazes.



Kindly write to us if you are able to assist us with further translations of our free Gospel literature, informing us of the language into which you could translate this Gospel literature. Your assistance would be appreciated.

Copyright ANGP

If you have found salvation in Christ, or have been otherwise blessed through our Gospel literature, please let us know. We would like to thank God with you, and remember you further in our prayers.

Nous vous invitons a nous contacter pour faire des arrangements concernant de nouvelles traductions de notre litterature, nous informant de la langue dans laquelle vous pouvez traduire cette litterature evangelique. Votre aide sera beaucoup appreciee.

Si vous avez trouve le salut en Christ ou si vous avez ete beni par notre litterature, nous vous prions de nous le faire savoir. Nous aimerions remercier Dieu avec vous et prier pour vous.

Nos vos convidamos a nos contactar, afim de fazer qualquer arranjo concernente a novas traducoes de nossa literatura em outras lfnguas. Vossa assistencia sera muito apreciavel.

Se tem encontrado a salvacao em Cristo, ou se tem sido abencoado por intermedio da nossa literatura evangelica, faca o favor de nos

informar. Pois nos gostarfamos de agradecer a Deus juntamente convosco, e lembra-lo sempre em nossas oracoes.

For free Gospel literature, books and tracts in over 538 languages, write to:

Pour obtenir gratuitement de la litterature evangelique, des livres et des traites en plus de 538 langues, ecrivez a:

Para obter gratuftamente a literatura evangelica, livros e folhetos em mais de 538 Ifnguas diferentes escreva para:

**ALL NATIONS GOSPEL PUBLISHERS**

**P.O. Box 2191**

**PRETORIA**

**0001**

**R.S.A.**

info@angp.co.za

Copyright ANGP

A Gospel Literature Mission financed by donations

Une Mission de litterature evangelique financee de dons

Missao de literatura Evanqelica financiada por donativos

(Reg. No. 1961/001798/08)